


## یەکگرتوو ١٧ ساڵ لەمەوپێش وتی:
## نەبونی مەکتەب عەسکەری، سڕی قوەتمانە!

ئەمڕۆیش ئێمە بە بێچەکیمان بەهێزین، بە هێمنیمان براوەین، بە ئارامگرتنمان خۆشەویستین،
بە مەدەنی بونمان سەردەکەوین!





# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٩) - دوو شەممە ٢٠١١/١٢/١٩ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٢٨ی (سەرماوەز)ی ٢٧١١ی کوردی- ٢٤ی (محرم)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە





ل٣



ل٤



ل٥

سەبارەت بە ڕووداوەکانی بادینان

# ئەمرۆ مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و رۆشنبیران و رۆژنامەنوسانی هەولێر کۆدەبێتەوە

**ئەمرۆ شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی و سەرکرادیەتی یەکگرتوو لەگەڵ رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و مامۆستایانی زانکۆ لەشاری هەولێر کۆدەبێتەوە**

بە گوێری زانیاریەکانی رۆژنامەی یەکگرتوو بڕیارە ئەمڕۆ شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی و سەرکرادیەتی یەکگرتوو کە پێکهاتوون لە (دکتۆر سەلاحەدین بابەکر و مەولود باوەموراد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و فەرهاد مەلا ساڵح ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی دووی هەولێر) لەگەڵ چینی رۆشنبیران و نوسەران و مامۆستایانی زانکۆی شاری هەولێر بەمەبەستی تاوتوێ کردنی رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و رووداوەکانی دەڤەری بادینان و هێرش و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو، هەروەها وەرگرتنی راوسەرنج و پێشنیاری رۆشنبیران سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردنی یەکگرتوو لەگەڵ ئەو بارودۆخەو نەهێشتنی کەلتوری بارەگا سوتاندن و زیندووکردنەوەی روحی بەیەکەوە ژیانی سیاسی و ململانێی مەدەنیانە لە چوارچێوەی یاسا و پرنسیپە ئەخلاقیەکان، دوای ئەوەی نوسینگەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بەئامادە بوونی (ئەبوبەکر عەلی بەرپرسی نوسینگەی سلێمانی مەکتەبی سیاسی و دکتۆر محەمەد ئەحمەد سەرۆکی شورای گشتی و دکتۆر عومەر محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لەگەڵ زۆرینەی رۆشنبیران و نوسەران و رۆژنامەنوسان و مامۆستایانی زانکۆ و میدیای ئازاد، کە ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو پێشوازیەکی گەرمی لەلایەن نوخبەی رۆشنبیران لێکرا بەوەی یەکگرتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان پرس و راو راوێژ بە زۆرینەی چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، کە ئەمەش هەنگاوێکی یەکەم و نەوعیە کە لەسەر ئاستی حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان پرس و راوێژ بە رۆشنبیرەکان بکرێت.

سەرۆکی شورای یەکگرتوو:

# ئەو حکومەتەی ئێستا دێت باشتر نابێت لە کابینەکەی پێش خۆی



**سەرۆکی شورای یەکگرتوو: تاریکی شەو هەر لە ئێوارەوە دیارە، بۆیە ئەو حکومەتەی ئێستا دێت زۆر باشتر و کاراتر نابێت لە حکومەتەکەی پێش خۆی.**

دکتۆر (محەمەد ئەحمەد ـ سەرۆکی ئەنجومەنی شورای گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند:» لە ئێستادا هیچ گفتوگۆ و دانوستانێک لە ئارادا نییە بۆ بەشداری کردن لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی داهاتووی هەرێم، بەڵکو ئەم بابەتە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بڕیاری لەسەر دەدەین». سەبارەت بە ئەگەرەکانی بەشداربوونی یەکگرتوو لەم کابینەیەدا ناوبراو وتی:» لەحکومەتێکدا بەشدارنابین بارەگاکانمان بسووتێنێت و تۆمەتبارمان بکات، بۆیە هەر وەکو دەڵێن: تاریکی شەو هەر لە ئێوارەوە دیارە، ئەو حکومەتەی ئێستا دێت زۆر باشتر و کاراتر نابێت لە حکومەتەکەی پێش خۆی، چونکە حیزب دەستی بە سەر هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا گرتووە«.

سەرۆکی ئەنجومەنی شورای گشتی یەکگرتوو زیاتر وتی :»پێش رووداوەکانی بادینان، پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە قسەیان لەگەڵ کردین و پێمان وتن کە لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن قسە دەکەین‌و دواتر وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام رووداوەکانی بادینانی هات بەسەرداو نازانین ئاراستەی کارەکان‌و بەشداریکردن بەرەو کوێ دەچێت». ناوبراو لە بارەی موراهەنەکانی سەر کابینەی حەوتەم وتی:» چۆن حوکمڕانی بەم شێوەیە دەکرێت، تۆ حکومەتت هەبێت و ئەو هەموو گەندەڵیەی تێدا رووبدات و چارەسەری نەکەیت و خەڵکێکیش یاسا پێشێل بکات  سزای نەدەیت».

# بەپێی قانون رۆژنامەنوس نابێت دەستگیر بکرێت

## رۆژنامەنوسێک: «بە ئێمەیان وت ئێوە رۆژنامەنوسن و ئازادن، بەڵام ئەگەر ئێوە شتەکی بێژن و شکایەتتان لێ بکرێ دەستگیر دەکرێنەوە»

**ئەندامێکی شورای یەکگرتوو دوای ئازادکردنیان کە لەدوای رووداوەکانی بادینان دەستگیرکرابوو سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بەوەی کە بە کەفالەتی (دە)ملیۆن دینار ئازادکراوە، لە کاتێکدا لەلایەن دادگا بڕیاری بێتاوانبوونیان دراوە.**

سەیدا (ئەحمەد حاجی - ئەندامی شورای یەکگرتوو) ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی نەخۆشبووە لەکاتی رووداوەکانی بادینان، بەڵام لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەکانەوە بەجلی مەدەنی زیندانی کراوە.

ئەو ئەندامەی شورای یەکگرتوو لەبارەی ئەگەری ئازاردانیان دەڵێت: « منیان ئازار نەدا، بەڵام ئەوانەی لەبەردەمی بارەگا گیرابوون لە رۆژی شەممە ئەوانیان زۆر ئازاردا».

لەلایەکی ترەوە (حەسەن یاسین - بەڕێوەبەری رادیۆی زاخۆی یەکگرتوو) کە یەکێکی ترە لە گیراوەکان بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو وتی:» رۆژی دوای سوتانی بارەگاکانمان چووین ئەگەر شتێک یان جیهازێک مابێت و نەسوتابێ تا کەس نەیبات، لەو کاتەدا ئاسایش لەگەڵ هەندێک هێزی تر هاتن و دڕندانە بەربوونە گیانی ئێمە«.

(حەسن یاسین) وتیشی: «بە قۆنداغی تفەنگ و شەق و مست هێرشیان کرد و چەند برایەکی ئێمەیان بریندارکرد و سەریان شکاندن و قسەی ناشیرینیان پێ وتین».

(ئوسامە نەسرەدین) کە رۆژنامەنوسێکی یەکگرتووە یەکێکە لەو دەستگیرکراوانەی کە ئازادکراوە وتی: «بە ئێمەیان وت ئێوە رۆژنامەنوسن و ئازادن، بەڵام ئەگەر ئێوە شتەکی بێژن و شکایەتتان لێ بکرێ دەستگیر دەکرێنەوە.»



## یەکگرتوو و پارتی بەرەو کوێ؟
## کامە مەلا و چ نەتوایەک

بۆ ل ٦

# ئەگەری هەیە سەرۆک وەزیرانی عێراق بدرێتە جەعفەری

یەکگرتوو/ تایبەت

دوای ئەو ناکۆکییە زۆرەی لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێراقدا هاتە پێشەوەو نوری مالیکیش دوای ساڵێک نەیتوانی گشت لیستەکان رازی بکات، لەنیوەی سەرەتای کاریدا بڕیاری پێداچوونەوەی بە کارنامەی حکومەتەکەی دا، بڕیاریشیدا چەند وەزارەتێکی کابینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، بە ئومێدی رازیکردنی لیستەکان و رزگاربوونی لە نارەزاییەکانی لایەنی سیاسی و شەقام، بەڵام نەیتوانی لەو کارەیدا سەرکەوتوو بێت و، نەشیتوانی تەواوی بەندەکانی رێکەوتننامەی هەولێر جێبەجێ بکات، بۆیە کورسیەکەی بەرەو لەقبوون هەنگاو دەنێت و، کاری گەیاندە ئەوەی چەند پارێزگایەک بریاری بەهەرێمبوونی سەربەخۆی خۆیان بدەن، کۆتا نارەزاییەکانیش بریتی بوون لە بڕیاری کشانەوەی یەکەم براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، عێراقیە بڕیاریدا بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات بۆ کاتێکی نادیار، بەئومێدی بەخۆداچوونەوە، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان زیاتر پەرەنەسێنن و عێراق نەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، لیستەکەی سەرۆک وەزیران بە زووی هەوڵیدا بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، بڕیاریداوە کۆتایی بە حوکمە تاکڕەویەکەی مالکی بهێنێت و بیداتە کاندیدێکی تری لیستەکەی.

بە پێی وتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە لە لێدوانێکی تایبەتیدا بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند: هاوپەیمانی نیشتیمانی لە ترسی سەرهەڵدانەوەی جەنگی مەزهەبی و قایلبوونی لایەنە سیاسیەکان و شەقام و، ئاشتکردنەوەی لیستی عێراقیە کە بەهێزترین لیستی پەرلەمانییە، بڕیاریدا نوری مالیکی لە پۆستەکەی دوور بخاتەوە و ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی حکومەتی پێشوو عێراق بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی و کورسیە پێشووەکەی رادەست بکاتەوە،بەمەش دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە لەگەڵ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانیدایە، بەپێی وتەی پەرلەمانتارێکیش لێسەندنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت کارێکی باشە، بەڵام دژواریشە.

لەو بارەیەوە مامۆستا (عوزێر حافز ـ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە لێدوانێکی تایبەتدا بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند: «پێویستە ئەو ئاڵوگۆڕە بکرێت، بەراستی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکلایەنە هەنگاو دەنێت، دەبێت زوو بە زووی پێشی لێبگیرێت و نەهێڵرێت عێراق بەرەو قەیرانێکی دژوار ببات، ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە بەهاری عەرەبی کەسی لێ تەرک ناکات».

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو راشیگەیاند «ئاڵوگۆڕەکەی کارێکی زۆر باشە، بەڵام دەبێت سەر لەنوێ تەشکیلاتی حکومەت بکرێت و وەزارەتەکان ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، ئەمەش کاتی زیاتری پێویستە بۆ دووبارە قایلبوونەوەی گشت لیستەکان».

جێی ئاماژە پێکردنە ساڵێک لەمەوپێش حکومەتێکی نوقسان بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی لەدایکبوو، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە پۆستی چەندین وەزارەتی ئەمنی یەکلایی بکاتەوە، بەمەش نیگەرانییەکی زۆری لای لیستەکان و هاوڵاتیانی شەقام دروستکردووە، بەتایبەتی پاش کشانەوەی هێزی بیانی لە ترس و دڵەراوکێ لە حکومڕانی تاکلایەنەدا، بۆیە گشت لیستەکان هاوهەڵوێستن بە ئاڵوگۆڕکردنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.